# ڕوونکردنەوە لەسەر هەڤپەیڤینێک

**محەمەد سالّح سەعید**
**(سلێمانی)**

**(٢ - ٢)**

**ڕاستییەکان چەوتییەکان ڕادەماڵن!**

من گوتوومە: ((ویستمان یاداشتێک بۆ مافی نەتەوەیی کورد بدەین. داوای خوێندن بەزمانی کوردیی بکەین)) وشەی ویستمان (بەڵێ وایە ئێمە سێ کەسی فەرمانپێکراوی پلانی حزبی شیوعی - د. سەفا حافیز و بەرپرسانی تایبەتی نەقابە - ئەی گوایە بڵێم ویستیان؟!)) هاوڕێکەم دەبوایە بچوایە بەلای (شێوازی دەربڕینی منەوە) وەک کادیرێکی (تەرخانی حزبی شیوعی) کە چۆن خۆم بچووک کردووەتەوە و بەسەرسامییەوە گوتوومە:

((یەکسەر لەگەڵ کێ کۆبوومەوە، من لەچاو مامۆستا ڕەفیق حیلمی دا لاوێک بووم. ڕەفیق حیلمی مامۆستایەکی بەئەزموونی مێژوونووسی یادەوەرنووسی خاوەن کەسایەتییەکی تایبەت))، هەروەها کە گوتوومە:

((لەیەکەم هەڵوێستدا تووشی سەرسامییەکی گەورەبووم کە من کەسێکم یەکەم یاداشتی دوای شۆڕشی تەمووز بدەین))

تکایە سەیری ئەم بەساکار خۆپیشاندانەی من بکەن و ئەو گوتە سەرسوڕهێنەی مامۆستا مستەفای بەڕێزیش بکەن کە دەڵێت: ((من ئەمەم لەخودی خۆی مامۆستا ڕەفیق حیلمی بیستووە!!)) لێرەدا گوتەکەی مامۆستا مستەفا ڕووبەڕووی خۆی بکەینەوە کە ئەو بە من دەڵێت: ((ئینجا وەرن ئەم تەلیسمە حەل بکەین؟!)) (ل ٥٤ دێڕی ٣ لای چەپ) بەتایبەتی:

١- مامۆستا مستەفا نە ڕاستەوخۆ و نە ناڕاستەوخۆ (لەو کاتەدا) هیچ پێوەندییەکی بەو بابەتەی ئێمەوە نەبووە).

٢- لە دواییندا کە مامۆستا ڕەفیق حیلمی هەرزوو کاروباری نەقابە بەجێ دەهێڵێت و بەرپرسیارێتی ڕووبەڕوو دەکرێتەوە؟

٣- لەپێشدا و ڕاستەوخۆ کاکە مستەفا بۆ خۆی بەسادەیی دەڵێت - من ئەمەم لە خودی مامۆستا ڕەفیق حیلمی بیستووە! - کەچی من بۆ خۆم گوتوومە (حەمەسالّح گوتویەتی) کە:

((ئەو (واتە مامۆستا ڕەفیق حیلمی) منی دەستنیشان نەکرد، حزبی شیوعی دەستنیشانیکردم و ئەو کارە کرا.)، واتە ئەوان ئەو کارەیان پێم کرد (ئەوەیان بەمن کرد - وەکو فەرمانی حزب و ئەندامێکی گوێ لەمستی حزب!)، کەچی ئەوە لەمن ئاوەژوو بکرێتەوە (بەواتای پێچەوانە گوایە وەک بڵێین هەر بەمن کراوە، بەیەکێکی تر نەکراوە!)، بێ گومان هاوڕێکەم و خوێنەریش دەبێت دوای ئەو هەموو پیادا هەڵدانەی من بە مامۆستا (ڕەفیق

حیلمی) و ئەوەی دواوەش ڕەچاوبکەن کە دیسان گوتوومە:

((تووشی سەرسامییەکی گەورەبووم))، ((کە تۆ دەچیتە ناو هەڵوێستەیەکی ژیانیی وەهاوە بەڕاستی لەوکاتەدا بیر لەخۆت ناکەیتەوە کە من چۆن بیردەکەمەوە))، ئەوانە یادەوەریی ڕاستەقینەی دوو جەمسەری (هۆشیاریی و سۆزی) لاوێکی ڕاستگۆی خۆتەرخان بۆ بیرو باوەڕ پتەو چالاک و لەلایەکی ترەوە بەستراوە بە ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتییەوە کە پابەندی ڕێزگریی و ئەرکی پیرۆزی دەکات.

ئەوانە هەستەوەری ناخی من کتومت بەرانبەر (گوێڕایەڵی و خۆتەرخانکردنی ئەندامێکی کارای لەسەدا سەد تەسلیمبوو بە بیروباوەڕ و حزبەکەی کە باکی نەبێت خۆی بەداروبەردا بدات هەتا ئەو ڕادەیەی، بەڵکو بەبێ بیرلێکردنەوەو گوێدان بۆ دۆزە ڕەواکەی خۆی بفەوتێنێت.

هاوڕێکەم و هەموو ئەوەی ئەم ڕوونکردنەوانە دەخوێنندنەوە لەوە دەگەن کە هەبووەو هەیە بە فەرمانی حزب زۆر بەئاسایی بەبڕیاری حزبەکەی (خۆی تووشی تاوان دەکات و سنگیش دەردەپەڕێنێت!).

**هاوڕێم مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم دەڵێت:**

کە هاوڕێمان پ.د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لە بەغدا بێت بۆچی مامۆستا محەمەد ساڵح سەعید ئەو کارە بکات؟!

منیش دەڵێم:

بابڵێین ئەوە ئەو ئیشە نەبوو، ئەی بۆ ئەو هەموو کارە گرنگ و بایەخدارە پتر بۆچی هاوڕێ خۆشەویستەکەی هەردووکمانیان دانەنابوو کە تۆی بەڕێز و هاوڕێم ئاگاداریان نەبوویت، بەڵام ئاگام لەوەو گەلێکی تریشە، هەروەک لەوانەیە چوار پێنج قاتی من زانیاری تایبەتی و ڕێکخراوەیی و لایەنی تری خۆتت هەبێت. تۆش مافی خۆتە و من ڕێگە بەخۆم نادەم بەهیچ شێوازێک لە ڕێبازی تایبەتەکانی خۆم لابدەم.من ئەوەش بۆ هاوڕێی بەڕێزم تۆماردەکەم کە تۆی خۆشەویستم لەچەندان لایەنی ڕۆژنامەگەریی، ڕێکخراوەیی بیرهاتی، پێوەندی ئەدەبی و ڕامیاری لەمن چالاکتر و کاراتریت. ناخی ڕاستەقینەی منیش دەڵێت هیچ کەسێکیش لەسەداسەد فریشتەو هەموو شتزانێک نییە، پارتایەتیش دەرفەتەکان ڕادەدار دەکات و دەیبەستێتەوەو من لەو تایبەتەی خۆم پتر، بەولاوە ناچم.

خۆزگە مامۆستا مستەفای هاوڕێی بەڕێزم لەخۆی بپرسیایە ئایا بۆچی:

(پرۆفیسۆری زانا، بەرهەمداری خاوەن توانایی، ڕامیاری نەگۆڕ و درێژەپێدەری کار و بەرهەمە جۆربەجۆرەکانی خۆی. وەک ئاگاداریم ئێستا کە سەرقاڵی بابەتی ئەو کەسایەتییە کوردانە دەکۆڵێتەوە کە بەرهەمەکانیان بۆ نەتەوەکانی تر تەرخان بووە، دەزانم هەردووکمان زۆر خۆشمان دەوێت و هیوای تەمەندرێژی و باڵایی پتری بۆ دەخوازین) کە ئایا ئەی ئەوسا بۆچی بۆ یەکێک لەم کارانەی تری خوارەوە هەڵنەبژێردراوە، بەتایبەتی کە خۆت بەمەبەستەوەو زۆر بەهەتەریی ئەم بابەتەت بەرەوڕووی من کردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەی من هیچ کاریگەریی و زانیارییەکم لەوکارەدا نییەو بەمن بێت چاکترین هەڵبژاردەم بۆ هاوڕێ خۆشەویستە پرۆفیسۆرەکەمم هەبووەو هەیە:

١- لەساڵی ١٩٥٨ دا (من، نا) بەڵام لەجیاتی مامۆستای سەرەتایی ڕەشید کۆیی - کە لە ناو بەغدا بوو هیچ چالاکییەکی زمانیی، یان ئەدەبیی نەبوو، بەڵام گەلێک هێمن و لەسەرخۆ - کارایەکی ئاسایی شیوعی بوو - بۆچی دکتۆر عیزەددینیان (بۆ لیژنەی پێشکەشی یاداشتی داوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتی گشتیی خوێندنی کوردی لەوەزارەت هەڵنەبژاردووە؟...) وەک (کاکە مستەفای هاوڕێم خواستوویەتی)؟!

٢- هەروەها ئەی بۆچی نەخرایە دەستەی بەڕێوەبەری باڵای (نەقابەی مەرکەزییەوە) هیچ نەبێت هەروەک ئەندامێک؟!

٣- ئەوەش نا، ئەی بۆ نەخرایە لیژنەی بەڕێوەبەری نەقابەوە (لقی کەرخ، یان ڕەسافە)؟!

٤- هەروەها ئەی بۆ نەکرا بەئەندامی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لەشەقلاوە؟

٥- تکایە ئەی بۆچی نەکرا بەئەندامی کۆنگرەی دووەم؟

٦- ئەی بەباوەڕی هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا مستەفا دەبێت بۆچی لەناو میوانەکانی کۆنگرەی یەکەمیشدا و لەناو دووەمدا کە (٢٢) کەسایەتی بوون هۆکار چی بێت دکتۆری هاوڕێی حزبیی و خۆشەویستی حەمەساڵح-ی تێدا نەبێت؟!

٧- بۆچی نەکرابێت بەمیوان (لاپەرە ١١١، ١١٢)ی کۆنگرەی یەکەم، یان دووەم، یان لە هەردووکیاندا؟!.

٨- ئەی لە بەغدا میوان لە ڕێکخراوەکان کە ژمارەیان (٩) کەسایەتی بوون بۆچی نەخرابووە جێگەی (نۆهەمی بەغدا کە بەڕێز مامۆستا یووسف حەداد) بوو هەر کوردییشی نەدەزانی، نە نووسەر و نە زمانەوان بووە؟!

من بە هاوڕێی بەڕێزم مامۆستا مستەفا دەڵێم (من هیچ ڕاڤە و بەدواداچوونێکم نییە بەرانبەر گوتە و ناقایلییەکانتان لەم ڕوونکردنەوە ئاشکرا کراوە تۆمارکراو و چاپکراوانەدا (کە بەڕێزتان ئاگاداریان نەبووبن) ئەوانە گشتیان دەسەڵاتی لیژنەی باڵا و تایبەت بووە بۆ کارەکانی نەقابە و هەردوو کۆنگرەی شەقڵاوە. نە من و نە هاوڕێیم سەرۆکی لق مامۆستا محەمەد عەلی مەحموود نازانین و لێی بێ ئاگابووین. (هەر تەمەن درێژبێت)

٩- لەسەرێکی ترەوە ئەوەشم ڕوون کردەوە کە ئێمەی نەقابە لەسەر بڕیاری حزب لە سلێمانییەوە هاتین بۆ بەغدا و لە (کەڕادە) چووین دیدەنی شەهیدی نەتەوە (د. قاسملۆ و هاوسەرە بەڕێزەکەیمان کرد بۆ دڵدانەوە و ڕێزگرتنی) بەبێ ئەوەی ئاگاداری یەکتربین، لەوێ دکتۆر عیزەددینی خۆشەویستمان و هاوڕێکانیمان بینی بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزەو هەموومان لەگەڵ ئەو شەهیدەدا بە پلان و بڕیاری حزبەکەمان بەوپەڕی خۆشییەوە پێکەوە، ئەرکی پیرۆزمان جێبەجێ کرد، بەڵام هیچ لایەکمان لەخۆمانەوە نەهاتبووین و ئەوەمان نەکردبوو!

أ- دیارە ئەمانە کاری حزبایەتی (٥٨) ساڵ لەمەوپێشە کادیرەکان بە ویست و پەرۆشییەوە تێدا ژیاوین چیمان پێکراوە هەوڵماندااوە پتر لەوە ئەنجام بدەین.

ب- هاوڕێی نەگۆڕم پ.د. عزەددینی خۆشەویستم ئەم هەموو ماوە درێژە بۆ تەنیا جارێکیش وەک پرسیارێکیش ئەم بابەتەی لەمن نەپرسیوە!! چونکە ئەوپەڕی بڕواییمان بەیەکتری هەیە. من لەو پتر، ئەو لەمن پتر. ئەوانە هیچی لەدەسەڵاتی مندا نەبووەو لێی بێ ئاگابووم! ئەوسا و ئێستاش شانازی بەوەوە دەکەم. ئەو خۆشی دەزانێت ئەوکاتە چی پێ سپێردراوە!

١٠- تکایە هاوڕێکەم با تۆ بزانیت ئەوەی لەدێڕی (١٤، ٢٢)ی لاپەڕە (٥٩) لای چەپدا فەرمووتە:

(من ئەندامی کۆنگرەی یەکەم نەبووم، چونکە (دروستکەرانی کۆنگرە) منیان دانەنابوو، هەرچەندە من وەک نووسەر لە بوارەکە ناسرابووم، بەڵام بۆ ساڵی دووەم، دوای گلەیی و سەرزەنشتکردنی نەقابە لەلایەن کەسانێک لەوانەی منیان دەناسی، دەیانپرسی (بەفیتی کێ فلانەکەس) ئەندامی کۆنگرە نییە؟ مامۆستا محەمەد عەلی مەحموود کە سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای مامۆستایان بوو، پێوەندی پێوەکردم کە ئەندامم لە کۆنفراسی دووەمدا، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم کە خودی خۆم نەهەوڵم داو نەگلەییشم لەکەس کرد (بەڵام لەکۆبوونەوەی حزبیدا باسکرا) ڕوونکردنەوەی من و سەرۆکی لق:

لەوەڵامی ئەم هۆنینە سەرسامەتاندا منیش ڕاستگۆیانە دەڵێم (من و مامۆستا محەمەد عەلی مەحموود هیچ ئاگاداری هەڵبژاردنی ناوی ئەندامان نەبووین، چونکە (لیژنەیەکی باڵای تایبەت بۆ ئەو کارە هەبوو) لەهەردوو کۆنگرەکەدا! من نەئاگاداریم و نەهیچی لێدەزانم، چونکە بەڕاستمە ئێمە لە هیچ لیژنەیەکی هەڵبژاردنی ئەندامانی نەقابەی مامۆستایان، کۆنگرەکانی، هەروەها ئەندامانی کۆنگرەکانی شەقڵاوەدا نەبووین، بەڵام ئێمە لە ئامادەکاریی و بەڕێوەبردن و بەشداربوونی بەجێهێنان و بڕیار و ڕاسپێرییەکاندا لەگەڵ لیژنەکاندا هاوکاربووین و سەرپەرشتی چاپکردنیان لە چاپخانەی ژین و بەڕێوەبەرێتی پەروەردە کە هاوکارییان دەکردین. بێجگە لەوە:

١- من خۆم بەم هەستە ناخۆشەی هاوڕێکەم کە بۆ یەکەم جارە دەیبیستم پێم ناخۆشبوو کەسی وەها لە نەقابەدا هەبووبێت (فیتی خراپی بەکارهێنابێت) و دەڵێم بۆ یەک جاریش هەستم بە کارێکی نائاسایی وەها نەکردووە.

٢- بۆ ئەوەو بۆ گلەیی و سەرزەنشتی نەقابە کە ئەگەر (دەستەی بەڕێوەبەری سلێمانی) بگرێتەوە - ناچار لە هاوڕێی تەمەن و خۆشەویستم مامۆستا محەمەد عەلی مەحموود سەرۆکی نەقابەشم پرسی، هەردووکمان بەڕوونی لێرەدا ئاشکرای دەکەین کە (لای ئێمە لە سلێمانی ئەو دوو کارە ناشایستەیە ڕووی نەداوەو نەشمان بیستووە)، گوتنیشی بەلامانەوە سەیرە.

٣- بەڵام ئێمە ئاگامان لەلیژنەی سەرەکی باڵا نییە کە تایبەت بووە بەهەڵبژاردنی ئەندامان.



**لە دیدارێکی کۆمەڵەی فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردیدا**

٤- کۆبوونەوەی نهێنی لەماڵی مامۆستا خەلیل خۆشناویش لەشەقلاوە لەڕۆژانی گرتنی کۆنگرەدا هەبووە و تەنیا بۆ (سەرپەرشتی و باش بەڕێوەچوونی کۆنگرە، جێبەجێی پێداویستی ئەندامان، کاری لیژنەکان، ڕاسپێری و پێشنیازەکان) لای ئەو لیژنەیەش تەنیا یەک گلەییش نەهاتووەتە ئاراوە کە ببیسترێت، ئێمە هەردووکمان لەو لیژنەیەدا بووین.

٥- لەدوای ڕاپەرینە مەزنەکەی کوردستانی کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەری جووتیاران لەسەردەمێکدا (بلە)ی شیعری ڕاپەڕین و سۆزی نەتەوە، چیرۆکنووسی خاوەن توانست، داکۆکیکار لەمافی ڕەوای کوردایەتی، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ، هەڵبژێری ڕێبازێکی ڕامیاریی تایبەت بەخۆی کە چالاکییە جۆربەجۆرەکانی ئاستێکی باڵای جیاکراوەیی پێبەخشی - لەوکاتەی گەڕایەوە سلێمانی لەچالاکییە تایبەتەکانی (کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد)دا لە سلێمانی من و هاوڕێکانم محەمەد مەردان و سەردار فەتاح، خالید ڕەسووڵ و حەمە عەلی و (هەندێک لەئەندامان بە ئامادەبوونی د.محەمەد دلێر و کەسەکانی) چاوپێکەوتنێکی ڤیدیۆیی تۆمارکراومان لەگەڵدا ئەنجام دا، پرسیاری ئەوەم لێکرد کە ئێمە وەک شیوعییەکان کاتی گرتنی کۆنگرەی مامۆستایان لە شەقلاوە ئەوسا ڕۆژانە کۆبوونەوەی نهێنیمان دەکرد، لێم پرسی کە ئەوانیش وەک پارتی ئەگەر کردبێتیان، وەڵامی دامەوە کە ئەوان شتی وەهایان نەکردووە!، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو بەڕێزە ((وەکو پارتی و مامۆستا (بلە) هیچ)) (گلەییەکی لەو کۆنگرە سەرکەوتووە مێژوویی و پڕ بایەخدارییە نەبوو!) بەهیوام ئەو دیدارە چاپ بکەم - هەرچەندە ئەوەی جێگەی داخە من(٣٥) پرسیارم ئامادەکردبوو، بەهۆی ئەوەی دروستیی ئەو باش نەبوو من توانیم چەند پرسیارێکی کەمی لێ بکەم، ئەو نەیتوانی. بڕیارمان دا لە هاتنەوەیەکی تردا تەواوی بکەین.زۆر بەداخەوە بەجێی هێشتین (یادی بەخێر) بۆ من بوو بە داخێکی گەورە.

٦- بۆ ئەوەی کە هاوڕێم مامۆستا مستەفا ساڵح فەرموویەتی (گوایە مامۆستا محەمەد عەلی مەحموود پێی گوتووە تۆ ئەندامی کۆنگرەی دووەمیت) ئەو هاوڕێیەم دەڵێت (من هەرگیز پێوەندیم نەبەو، نە بە هیچ مامۆستایەکەوە نەکردووە بۆ ئەندامێتی کۆنگرە، چونکە ئەوە ئەرکی ئێمە نەبووە و ئاگاداری نەبووین، لیژنەی تایبەتی ئەوەی کردووە).

## زانیاریی پارتایەتی

من هەست بە (کنەوە) دەکەم. هەتا ڕادەی نهێنییە نەزانراوە تایبەتەکان، بەڵام هەرلایەنە، گەورەو بچووک، یار و نەیار، کەسێکیش بەڕادەی مێشک و ژیری خۆی ڕادەمێنێت، پرسیاری پەیوەند بە زانیارییە (حزبییەکان) تایبەتن، کارێکی سەرزارەکی نین. پڕ هیوام لە درێژەی بیرەوەرییەکانمدا بەچاکی و بەوردیی، بەبێ هەڵەو هەڵبواردن ڕوونیان بکەمەوە. ئەمانە هەندێکی پێوەندی دوو لایەنەی بە ئاشتیخوازان و ڕێکخراوەکانەوە هەیە. هەندێکیشی گەیاندنی زانیاری دوو لایەنەی ئەرکی پیرۆزە لە نێوان حزب و کەسایەتی و لایەندا. بەدڵ بوون، یان بەدڵ نەبوونیش ڕێژەییە بۆ هەمووان، کنەوەش بەکنەوەی پاک چارەدەکرێت، بەتایبەتیش کە مەرام بەختکردن بێت!

## هاوڕێ بەڕێزەکەم
## تکایە تێکەڵکردن شیاو نییە

١- لاپەڕە (٤٧) دێڕی (٢) نووسراوە (دکتۆر سەفا حافیزیش)، ڕاستەکەی (دکتۆر سدیق ئەترووشی) یە، ئەوە هەڵەی زمانە (زلة لسان) (لەچاپکردنی هەڤپەیڤینەکەدا هەڵەکان چاک دەکرێن بوورن.

٢- تکایە أ- پێشکەشی یەکەم یاداشت

بەسەرۆکایەتی مامۆستای کوردپەروەری گەورە و هێژا ڕەفیق حیلمی، دکتۆر سدیق ئەترووشی، من و مامۆستا مووسا خەلیل (کە ئامادە نەبوو) بەئاراستەی حزبی شیوعی و کارسازیی دکتۆر سەفا حافیز و عەزیز شێخ کرا جیا لەبڕیار و کاری نەقابە. ئەوە کارێکی لە پێشینەبوو جێبەجێ کرا.

ب- بڕیار و ڕاسپێرییەکانی ناو یەکەم کۆنگرەی نەقابەی مامۆستایانی ئێراق کە لە بەغدا گیرا (داواکانی کورد لەسەر خوێندن بەزمانی کوردی و بەڕێوەبەرێتی گشتیی خوێندنی کوردی لەناو وەزارەتی پەروەردەی ئێراق و... تاد)

لەلایەن نوێنەری بەسرەوە پێشنیازکرا (ئەویش بەئاراستەی حزبی شیوعی پێشکەشکرا!) ئەمەش کە جێبەجێ کرا هێشتا کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لەشەقلاوە لەئارادا نەبووە!بەرنامەی کار و بڕیاریان گەلێک جیاوازبوو.

ج- لیژنەی نهێنی (کۆنگرەی مامۆستایانی کورد) لە شەقلاوە، لیژنەیەکی تایبەتی ئامادەکەر و جێبەجێکەری حزبی شیوعی ڕاستەوخۆ گشت ئامادەکردن، جێبەجێکردن، ڕێکخستن، پوختەکردن، پێشکەشکردنی ڕاسپێری و پێشنیازەکان تا پێشکەشکردنی بەکاربەدەستانی دەگرتە خۆی، ئەمە پێوەندی بەکارەکانی ترەوە نەبوو.

ناوەکانم بڵاوکردەوە، لە ماڵی خەلیل خۆشناو کۆدەبووینەوە، ئەو کارەی نەقابە، حزبی شیوعی و ((مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد)) هیچ پێوەندییەکی بە کەسێکەوە نەبووە، ئەو تۆمارە ماوەو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی کەسایەتی خەباتگێڕی ئەو سەردەمە لە گوتەکانیدا هیچی لەوە نەگوتووە کە هاوڕێکەم دەیڵێت.

خەبات و هەوڵەکانی هێژا ئیبراهیم ئەحمەد جیا و تایبەتن بەخۆی (من ئەمە نانووسم چونکە گوناحە).

٣- ئەوەی (عەقڵیش قوبووڵی دەکات) دوای کۆنگرە دکتۆر سەفا حافزی کادیری گەورەی شیوعیمان هێنا بۆ سلێمانی لە حەوشەی ئامادەیی ئەوسای خوار نەخۆشخانەی کۆن (کە دوایی بوو بە قوتابخانەی شێخ مەحموود کە هاوڕێکەم بوو بە بەڕێوەبەری) کۆبوونەوەیەکی زۆر سەرکەوتوومان بۆ ڕێک خست. لەوتارەکەی ئەوسایدا گوتی:

(لەم کاتەدا بیر لە پایە مەرمەڕییەکانی زانکۆی کوردستان دەکەمەوە کە دەبێت لێرە بکرێتەوە!!) شەو و ڕۆژێک بەوپەڕی ئاسوودەیی ئاسایی شیوعییانە ئەو لە هیوا و ئامانجە پیرۆزەکان دوواو ئێمەش پێشوازیمان لێکردو بەخۆشییەوە بەڕێمان کردنەوە بۆ بەغدا، یەک مامۆستای سلێمانیش لە گرفتێک نەدواوە، بەرپەرچێک نەوروووژێنرا.

## وێنەی کۆبوونەوە

٤- من کە گوتوومە ((ئەو کارە بەمن کرا)، واتە وەک فەرمان بەسەرداکردن و ئەرکێکی بۆ دانراو و داوا و پێویستییەک دراوە بەسەرمدا جێبەجێی بکەم، ئەوە وەک سەربازێک، وەک پێشمەرگەیەک کە دەچێتە (بەرەی خۆڕەتاندن و قوربانیدانەوە!))، هەروەها کە گوتوومە (بەناوی منەوە) ئەوە بەوپەڕی سەرسامی و سەرسوڕمانەوە کە هەرگیز بەبیرمدا نەهاتووە من ببریم و فەرمانی حزب ئەوەم پێ جێبەجێ بکەن (کە جێگەی شانازییە بۆ من) ئەوەتە لەلاپەڕە(٤٧)دا دێڕی چوار گوتوومە:

((کە دانیشتین، لەیەکەم هەڵوێستدا تووشی سەرسامییەکی گەورەبووم - گوێتان لێمبوو!)))، هەروەها گوتوومە:

((من ئێستا دەتوانم لەوکارە گەورەیە تێبگەم کە ئەو سەردەمە کردوومە!!))، واتە ئەوەی گوتوومە لەدوای **٥٧** ساڵ! هەروەها: ((کە دێیتە ژیانەوە تووشی هەمەجۆر هەڵوێستی ژیان دەبیت لەو کاتەدا تۆ ناتوانیت خۆت بخوێنیتەوە!)) ئا لەم جۆرە گەشکەیەدا زۆری ترم گوتووە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییانەی کە شیوعییەکان خودی خۆیان و کەسایەتیشیان بەبێ هیچ بەرانبەری و بەرژەوەندییەک دەبەخشییە بیروباوەڕەکەی (ئەو سەردەمەمان) کە پڕاوپڕ وەهابووین پشکی (نەهێشتنی چەوسانەوە و جێبەجێی مافی ڕەوا و ئازادی گەل و نەتەوە سەرئەنجامی سەرکەوتنی خەباتی پڕ شکۆی ئێمەی شیوعی دەبێت!)

٥- بەرانبەر یاداشتەکەمان من گوتوومە: ((بەڵێ وەڵامەکەی، ((هەرچییەکمان نووسیوەو داواکراوە، (جێبەجێمانکرد)، هەر بەدوای ئەوەشدا کۆنگرەی مامۆستایانی کورد دروستبوو. جۆری لێکدانەوەی

تایبـەتی هاوڕێکەم مـەبەسـتی منی گـۆڕیوە. واتای (جێبەجێکردنی من - بە واتای پێشکەشکردنەکەمان ئەنجام دا - تەواو کرد - دامـاننێ - کارەکەمانکرد!) لێکدانەوە بەمەبەستەکەی هاوڕێی دێرینم ویستوویەتی وەها لە خوێنەر بگەیەنن کە مەبەستی من ئەوەیە بلێم ((هەر دەستبەجێ داواکارییەکانمان هەر لەوێدا وەرگرت و هاتینەوە!!))

وەک من گوتبێتم (هێنامان و هاتینەوە) ئەم شێوازە وەهام لێ دەکات منیش ئێستا بە (ناڕەوا) یەخەی ئەم هەمـوو سەرکردە پاڵەوانە و ئەو هەمـوو حزبە ڕامیارە کوردستانییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بگرم و بلێم (بۆچی لەساڵی شەستەوە نا، بەڵکو لەنەوەدەوە با من نەڵێم - هەتا ٢٠١٧) یەک پرسیار لەسەر (گێڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێم)تان جێبەجێ نەکردووە! من گـوتم، ئەوەبوو لە کـۆنگرەشـدا بۆ بڕیاردانی زۆرینەی مـامۆستایانی ئێراق (وەک ئەندامی کۆنگرە) هەر بە ئاراسـتـەی حزبی شـیـوعی یەکـێک لە مـامـۆسـتـا ئەندامـەکـانی (پارێزگـای بەسـرە) هەسـتـاو هەر ئەو داواکارییانەی پێشنیازکرد.ئەنجام بە ناقاییلی (تۆرانی، نەتەوەیی ڕەگەز پەرستی عەرەب و کەمێک بەعسی و دەتوانم بلـێم هەرەزۆری نوێنەرانی کـۆنەپەرسـتی کەرکووکیش)، بە بڕیاری زۆرینەی ئەندامانی ئێراق ئەوە کرایە ڕاسپێری کۆنگرەو وەک دۆکیومێنتێکی مێژوویی تۆمار پێشکەش کرا (کە ئەمەش هی جێبەجێ کردنە!)

٦- فەرموون ئەم (برووسکە وەڵامە ڕاستکەرەوەیە)ی نوێنەری ئەو چوار پارێزگایە ببینن و بخوێننەوە بەرانبەر داوا و ناقـایلی (تۆرانی، ڕەگـەزپەرست و کـۆنخـوازی عـەرەبی ئەو سـەردەمـە) بە واژوی سـەرۆکی لقی (سلێـمـانی، دیالە هەولێـر و مـووسڵ). ئەوەی کـە هاوڕێکەم، بەڕێز مامۆستا مستەفا دەڵێت (کەرکووک) بەداخـەوە، چونکە ئاگـای لەوە نەبووە کـە (نوێنەرانی ئەوسای هەڵبـژێردراوان و دەرچووی یەکەمی کەرکووکی کـوردسـتـانی دژی داوا ڕەواکـانی کـوردبوون. دیارە کوردەکان نەبێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی دووەمدا هەندێک گۆڕانکاری بەسەرداهات و ئەو چوار پارێزگایە) ببینن و بخوێننەوە دوایی لە سێیەمیشدا ئێمە لە کەرکووک جارێکی تریش دۆڕاینەوە؟!

### بەرپەرچ

هەر بۆ زانیارییەکی تر لەکۆنگرەی سێیەمی نەقابەدا، لەگشت پارێزگاکانی ئێراقدا (لیستی پیشەیی) تەنیا لە چوار پارێزگا دەرچووین (سلێمانی - هەولێر، عەمارە و بەسرە).

هێندەشی پێنەچوو من لە لیستی یەکەمدا بۆ پارێزگای (ناسرییەو دەرکردن و گێڕانەوە بۆ عەمارە) و لە لیستی دووەمدا هاوڕێی دێرین، پاک و سەرکەوتوو خۆشەویستم (کـە بە درێژایی ئەو مـاوە درێژە دڵسـۆزی و ڕێزمـان بۆ یەکـتـری تا ئێسـتـاش هەر لە برەودا بووە) مـامـۆسـتـا (محەمەد عەلی مەحموود) بۆ عەمارە دوورخراینەوە. نەقابە (لیستی پیشەیی) نەماو ئەندامە کارا، دڵسۆز و خـۆبەخـشـەکـان دەربەدەر و پەرەوازە کـران. بارودۆخـە گشتییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکەشی ئاشکرابوو کە دوایی چی بەسـەر هێنرا. حزبە کـوردسـتـانـیـیـەکـانیش نەیانتوانی تەواوی داواکانیان جێبەجێ بکەن، یان ئەوەی نەقابە و ڕێکخراوەکـان بەگشتی خەباتگێڕانی ئەوسا جێبەجێـیـان کرد، تەواو بکرێت، کـەچی هاوڕێ بەرێزە خۆشەویستەکەمان بەشێوازێکی (سەرسوڕهێن و نائاسا دەیخـاتە ڕوو) تکایە با هەمـوان دوایین بیـرخـەرەوەی نەقابە بخوێننەوە بۆ ئەوەی سروشتی و ئاسا لە نەبەزینی ئەندامانی نەقابە بگەن کە ڕووبەڕووی فاشیزمەکانی ئەو سـەردەمـە کـراوەتەوە. لەو سـەردەمـە نائاسـاییـەشـدا دەمـانویست (ئەگـەر بتـوانین وەک داواکـار و بەرخـودان کۆنگرەی سێیەمی مامۆستایانی کورد ڕێک بخەین) واتە تا ڕۆژانی پێش یەکـەم دەسـتـەی دوورخـسـتنەوەمـان لە خەباتی داواو جێبەجێی مافی نەتەوەیی و پیشەییمان نەکـەوتین و لە خـوارووی ئێـراقـیش گـیـراین و ئەوە تا ئەمڕۆش بەم هەمـوو حزبە کوردستانی و هێزی نەبەزینی پێشـمـەرگەی کـوردسـتـانەوە، بەو هەمـوو قوربانیـدانەش گـیـانفـیـدا هەر هاوار هاوارمانە کـەسـێکیش ناتوانێت خەباتی ڕاستودروستی هیچ لایەنێک بێ بەها بکات!

### بەڵگەیەکی مێژوویی شاناز

ئەو بەڵگە بەهادارە لە خەبات و بەرخودانی ئەندامانی لقەکـەمـان کە یەکسـەر دوای کۆبوونەوەی ئەنجـومەن - خولی سێیەم پێشکەش بە دەستەی گشتی نەقابە کرا لە بەغدا، ئێستا لێرەدا تەنیا پێشەکییەکەی تۆمار دەکەم

**بەڵگەیەکی مێژوویی شاناز**

ئەکا کە ئەوە وەکوو ناوەرۆکەکەی کوردی بووە، روخسارەکەشی هەر بکرێتەوە بە کوردی.

ئەم ئاگادارییەی «حوسەین نازم» من بە بەشی سێیەمی ئەزانم، خاوەنی دەقی پەخشانە کوردییەکە ناوەرۆک و روخسارێکی کوردی پەتی کرد بە دیاریەک و دای بە ئێمە.

* * *

«نەقـابەی مـامـوسـتـایانی لقی سـولەیمانی» لە ی رۆژی ١٩٦١/٦/٨ دا لە بارەی کۆنگرەی مـامـۆسـتـایانی کوردەوە یادداشـتـێکی بەو ناوەوە بڵاوکردۆتەوە. ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

(بۆ دەسگای بەرێوەبەری نەقابەی ماموستایان لە بەغداد، دەربارەی گرتنی کۆنگرەی سێهەمی ماموستایانی کورد.

ئێمە: ئەندامانی لیژنەی بەرێوەبەری نەقابەی ماموستایانی لقی سولەیمانی پاش وردبوونەوە لە هەڵوێستی بەشی زۆری ئەندامانی ئەنجوومەنی نەقابە لە یەکەم کۆبوونەوەیا، وە دوای بینینی ئەو بڕیارەی کە ئەنجومەنی دوایی دەربارەی گرتنی کۆنگرەیەکی ناوخۆیی بۆ ماموستایانی کورد. لەبەر رۆشنایی ئەمانە ئەم یادداشتە پێشکەش ئەکەین، بەو هیوایەی کە دەسگای بەرێوەبەری گشتی و لیژنەی لقەکانی نەقابە چاو بخشێنێتەوە بە هەڵویستە ساردەکەیدا دەربارەی بەستنی ئەم کۆنگرەیە.

دوای سلاو:

(کە کاتی خۆی لە دوو سەرچاوەشدا بە تەواوی بڵاو کراوەتەوە) بۆ داوای گرتنی سێیەم کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە کوردستاندا.

## بۆچی لە بێلایەنی دەربچین؟!

لەم هەڤپەیڤینەدا کاکە ئازادی ڕێزدار و سەرکەوتووی بواری ڕۆژنامەوانی، ویستی بابەتێک لەسەر کاری ڕەخنەیی بکاتەوە، پێم گوت من ئەو باوەڕەم هەیە کە ئەو ڕەخنەیەی لەمن گێڕاوە بەلای ئەرێ و نەرێدا دەبێت بیخوێنمەوە، لێی تێ بگەم و بتوانم وەک (ئەزموون، بیروباوەڕی جیا و کەموکورتیش کە هەبێت) من سوودی لێوەربگرم، بەڵام وەک (ڕەتکردنەوە، بەرپەرچ، یان لایەنگری) هەرگیز بەلایدا نەچمەوە، مەگەر ڕوونکردنەوەی تایبەت و پێویست.

داواشم لێ کرد ئەوبابەتە واز لێ بهێنێت. لێی نەدوێتەوە! بەڵام لەدەرچوونی گۆڤارەکەدا بینیم لەگەڵ مامۆستا (مستەفا ساڵح)ی هاوڕێمدا ناوی بەڕێز مامۆستا (عومەر مەعرووف بەرزنجی)یان هێناوەو بە پیادا هەڵدانی (لایەنگر) لەم بابەتە دواون. دیارە من هەر لەسەرەتاوە ئەو کاتەی دوای (٢١) ساڵ لەدەرچوون و بڵاوکردنەوەی نۆڤلێتی (کاروانی) ١٩٥٧، مامۆستا لە (١٩٧٥)دا لەکتێبی لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی) نووسیبوو منیش ئەوەتە دوای (٣٩) ساڵی تر ناچارم (واتە دوای ٦٠ ساڵ لەدەرچوونی!!) لەوە دەدوێم و دەپرسم (باشە هاوڕێکەم مامۆستا مستەفا بۆچی ئەو مافە بەخۆی دەدات بەرانبەر بە من لە ((نەرێی)) کەسێکی تر بە ((ئەرێ)) بخاتە ڕوو)، بە تایبەتی من خۆم کە بڵاوبووەتەوە، خوێندوومەتەوە، تێی گەیبوم، لە(شێواز و هۆکاری نەدووام) و (٣٩) ساڵ خۆم کردووە بەبێدەنگیی (دەنگنەکەرە) و ئێستاش لەمرۆڤپەروەریی بیر و باوەڕەوە هەر لێی لانادەم. پەرچم نەبووە.

دیارە هەر نووسەرێکیش خۆی سەربەستە چی دەڵێت و چی دەنووسێت، هیچ پێوبستی بەڕاسپێری و هاندانی تریش نییە. ئەوەشی سەرسامی کردم کەسایەتییەکی وەک (مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم)ی ناسراو بەڕۆژنامەنووسێکی دیار و سەرکەوتوو، نووسەرێکی پێشکەوتنخواز، ڕامیارێکی بەئەزموون، دێرین لەگەڵ ئەم دوو نووسەرەدا، بێتو یەکێکیشمانی پتر بەدڵ بێت.من ئاشکرا دەیڵێم و ئەوە بەنووسینیش تۆماری دەکەم کە هەرچی لەسەرخۆم هەبێت وەک بیروباوەڕ، ڕووداو لە ڕاستییەکە لانادەم، شانازیی بەڕەخنەی بابەتیی دروست و ئاراستە دەکەم. پڕ ئارەزووم سوود لە هەموو زانیارییەکی پاک و چاک وەربگرم. بۆ پێچەوانەکەشی خۆم شپرزە ناکەم. نامەوێت کەسێکیش زویر و دڵگران بکەم. تا ئەم نووسینەم وەڵامی هیچ ڕەخنەیەکم نەداوەتەوە. ئەم جارە هەندێک پەیڤی (زەق) ناچاری کردووم (ڕوونکردنەوە)بخەمە ڕوو. بێمە سەر ڕەخنەش لە پێشدا بەتەواوی ئەرێ و بوارە شیاوەکان دەدۆزمەوەو لێیان دەدوێم، بەڕوونی و شێنەییش نەرێ ورد دەکەمەوەو دەبێت و ئەرکمە لە سنووری خۆشی و خۆشەویستی دەرنەچم.

دیارە لەنێوان ڕەخنە و ڕەخنەگر و ڕەخنەلێگیراودا، خوێنەریش هۆشیار و توانایە، ئەویش بیرکردنەوە و بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە. هەرزووش جوان و نا جوان، شیاو و نەشیاو جیادەکاتەوە، ئەنجام جێبەجێی سوودی گشتی ئەرکی پیرۆزی گشتمانە. هەموو دەمارگیری و خۆشپرزە کردنێکیش دەبێت خاوبوونەوەی لەدوابێت (ئەوە بیروباوەڕە) من لێرەدا ئەوە جارێکی تریش، (وەک خۆی بەوپەڕی بڕوا بەخۆبوونی خۆم) بۆ دڵخۆشکردنەوەی ئەو مامۆستایانە دەقە بڵاوکراوەکەی مامۆستا عومەری – ١٩٧٥ – دەخەمەوە ڕوو (دیارە دیسان بەبێ یەک وشە

وەڵام، یان ڕەتکردنەوە):

(کاروانی) (١١١)هی محەمەد ساڵح سەعیدە. کە نیازی ورووژانی دەردەکانی کۆمەڵ بووە و بەشێوەی گێڕانەوە و درێژدادڕییەکی بێزارکەر نەیتوانیوە کە لە جغزی تەسکی ئەو سەرگوزەشتانە دەربچێت کە باس لەشەڕوشۆڕەکانی سەردەمی ئیسلامییەت دەکەن، نووسەریش وەک موعجەب بێ بەو کتێبانە، هاتووە لەچوار کەسی حەقایەتەکەی سیانیان سارد دەکاتەوە و لەگۆمی خوێنا دەیتلێنێتەوە و جلەوی هۆش بزردەکات و هیچ کام لەبەسەرهاتەکان لەگەڵ واقیعدا یەک ناگرنەوە و ناگەن بەنوقتەی یەکانگیری، کە ئەم ڕێچکەیەی نووسەر گرتوویەتی چەند هۆیێکی سەرەکی هەیە، لەسەروو هەمووانەوە پێوەندی بە نەشارەزایی و کەم دەسەڵاتی نووسەرەوە هەیە لەمەیانی نووسینی ئەدەبیدا و خاوەن سەلیقە و زەمینەیێکی بەپیت نەبووەو نییە، ئەگینا ئەگەر نووسەر لەم بارەیەوە سەرەتایێکی کورتی لێی بزانیایە بەچەشنی ڕاپۆرتێکی وشک و بێ گیان بابەتەکەی پێشکەش نەدەکرد، ئەوەتا بەچەند ڕستەیێکی پچڕ پچڕی بێتام دەڵێ (بانەژاد لەتەپاوتلی ناخۆشیدا بەجێ بهێڵێن، بێینەوە بۆ کۆڕی شایی شیرین و فەرهاد) (١١٢) کە ئەم دایەلۆگ و ڕێکخستنی ڕستانە بەتەنیا لە حەقایەتی خورشید و خاوەر و ئەو بابەتانەدا هەن کە لەو مەدارەدا دەخولێنەوە و بابەتی هونەری نایانگرێتە خۆی، یان لەو کاتەدا کە نووسەر بەنیازی خۆی دەردێکی کۆمەڵایەتی چار کردووەو ویستوویەتی کە دژی دواکەوتوویی و لایەنە تاریکەکانی کۆمەڵایەتی بدوێ و لەباتی پێشێل کردنی نەریت و خوو و ڕەوشتی ڕزیوی کۆنەپەرستی، کەچی بۆ چارکردنی گرێیەکی سایکۆلۆژی کەسانی چیرۆکەکەی خستووەتەسەر ئەو ڕێگایەی کە (بیبەن بۆ لای عاسە بیجەڕێنە کە بیان کاتەوە) (١١٣) کە ئەم ڕێبازەی خاوەنی کاروانی گرتوویەتی لەپاڵ پێوەنانی مرۆڤ بۆ دەستگرتن بەیاسا دواکەوتووەکانی کۆمەڵ و دەستبەردار نەبوونی، هۆیەکیشە بۆ درێژەپێدانی ماوەی پەرێشانی و کۆیلەیەتی. لەباتی دژایەتی هەموو باوەڕێکی پووچ و نەریتێکی پووکاوەی بۆگەن هانی جەماوەری پەژمردەی داوە بۆ گەشەسەندنی ئەو باوەڕانە کە دوورن لە سیمای کۆمەڵگاییکی پێشکەوتوو. نووسەر لە زۆرلایەنی باسەکەیدا لە واقیع دوورکەوتووەتەوە. لاڕێیەکی نشێوی گرتۆتە بەر، هەندێ جاریش وەک مەتەڵ مەبەستەکانی بەدەستەوە داوە، لە هەموویان سەیرتر کە جێگەی سەرنجدانە، ئەو نهێنییەیە کە هۆشیار و هاوەڵەکانی پەیان پێ بردووە و بەدۆزینەوەی شادبوون و لەکاتی چاتێکردندا.

ڕووی داوە (کوڕینە ئەم چایە تام کەن، چامان چەشت، تامێکی ناخۆش و سەیری هەبوو، بەڵام چای ئێمە ئەو تامەی نەبوو، لەبەر ئەوە سەرسام بووین، هۆشیار پەلاماری شەکردانەکەی دا تەماشامان کرد پێچراوەیێکی تیایە کردمانەوە تەماشا دەکەین زەهرە تومەز شیرین ویستوویەتی هۆشیار دەرمان خوارد بکات) (١١٤) لێرەدا دەپرسین کە ئایا میوانەکان دەستبەجێ چۆن زانییان کە ئەو پریاسکەیە زەهرەو پەنجەی بڕیاریان پیانا خۆ موختەبەریان لەبەردەستا نەبووە و پسپۆڕێکی کیمیاویش لە کۆڕەکەدا دانەنیشتووە؟ یان کە ویستی دەرمان خواردی بکات بۆ نەیکرد و بۆ کەی هەڵیگرتبوو؟ خۆ کە نەیکردبوو تامی چایەکە بۆ گۆڕا؟ ئەگەر پریاسکەکە لەناو شەکردانەکەدا بوویێت چۆن چایەکانی ئەمانی تر تامیان نەگۆڕا و بە تەنیا تامی چایەکەی هۆشیاری ناخۆش کرد؟ ئەم پرسیارە بێ وەڵامانە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەکانی ئەدەب دەخەنە سەر ئەو قەناعەتەی کە (محەمەد ساڵح سەعید) وەک کتێب گرەویەک بناغەی باسەکەی دارشتووەو هەر بەو جۆرەیش کۆتایێ پێ هێناوە کە لە ڕیزی پێشەوەی بەرهەمە دواکەوتووەکانی ساڵانی پەنجا دەوەستێ))

ڕاستییەکەی من ویستم تەنیا لەسەر (ئاستی دەربڕە، جۆری دارشتەی زمانی، ڕێزمان و ڕێنووسی) ئەم دەقە، دوایی هەر بێ دەنگییە ڕێزگرییەکەم هەڵبژاردەوە و ئەوەم بۆ هەڵسەنگاندنی پسپۆڕ و خوێنەری بەڕێز بەجێ هێشتەوە بۆ بێلایەنیی هەردوو نووسەر مامۆستایان کاکە ئازاد و کاکە مستەفا، ئەوەتە (لەلاپەڕە (٦٠) دێڕی (٢٦)ی ژمارە (٢٣٢).

لە ڕاماندا فەرموویانە: کاکە ئازاد ((من باوەڕ ناکەم ئەم نووسەر و باسکارە ورد و بەدیقەتە وای نووسیبێ، یان بەوشێوەیە بێ، کاکە مستەفاش دەفەرموێت: ((بەڕاستیش وایە ئەو پیاوە ئەو نووسیبێتی.)) ئەو خەسڵەتانەی تێدایە.ئەو کتێبە یەکێکە لەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکان کە چەندان خاوەن بڕوانامەی باڵا

ئاماژەیان بۆ کردووە)).

حەمەساڵحیش دەڵێت: ((هەتا ئێرەش ڕێباوی خۆم تێک نادەم. لەهەر یەکێک لەو گوتن و هەڵوێستانە - کە هەر خۆم - پێشکەشم کردنەوە، با هەنگاوێکی جوانتر بنێنەوە.)) بەڵگەی کنەوەی ناخۆش ئاسانە، کاریگەرییەکانی بەناڕەوا دەبینم، جوانبینی بە ئەرکی پیرۆز دادەنێم.

## کتێبۆکە لە بارەی زمانەوە

**زۆر بەکورتی:**

زمانی کوردی لە کۆنی دێرینی پێشتر لە سەفەوی و عوسمانی، بەدوایاندا دەسەڵاتی فارسی، تورکی و عەرەبی و ئیسلامگەرایی بە عەرەبیکردن، تا کۆتایی جەنگی یەکەم و دووەم و لەگەڵیدا هەموو ئێستاش، چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەهەموو شێوە و شێوازەکان، نەک هەر زمان، بەڵکو خاک و سامان و ناولێنراوە کوردییەکانیشیان لێ زەوت کراوە.

پاشماوەی ئەو لێ زەوت کردنە پێویستی بەڕیشەکێشی هەمیشەیی هەیە. کتێب خۆی عەرەبییە، لەسەرچاوە بیانی و عەرەبییەکاندا دەیان پێناسەی بۆ کراوە. جۆری زۆر زۆریشی لێ جیاکراوەتەوە، لە گەورەترینەوە بۆ قەبارەی گیرفان و بەپێی جیای ناوەڕۆک ناونراوە. یەکێک لەوانە (کتێب) و(کوتەیب)ە.

بە کوردی (کتێب - کتێبۆکە - کتێبولکە، نامیلکە - پەڕاو، کتێبۆک، پەڕتووک...تاد) هەتا ئێستا بەکارهێنراون، لەنێوانیاندا پەیڤی: (book let - کتێبۆکە - بەواتای کوتەیب -) پێناسەیەکی زانستانەی شایستەی پێبەخشراوە کە دەڵێت:

((کۆمەڵێک ئەرک دەگرێتە خۆی کە زانیاری ڕاست و خێرا، یان ناوونیشان، هاوکێشەی بابەتێکی تایبەت و جێگیر دەنوێنێت.)) لە ناو سەرچاوەکاندا، ئەمە یەکێکە لە پێناسە زانستییەکان و پێناسەی جوانی تریشی پێبەخشراوە، لە زمانی ئینگلیزیشدا نازناوی تایبەتی خۆی، وەک عەرەبی و کوردییەکە دراوەتێ و جیاکراوەتەوە، وەک: (book let - pamph let) (get))

چەندان جۆر و پێناسەی جیاش بۆ کتێب هەیە کە زۆر بەوردی لە کتێبولکە جیادەکرێنەوە، ئەم وردو بۆ دانراوە، بەپێچەوانەی کتێب کە (ڕاڤە، گشتگیر و بەرفراوانی) دەگرێتە خۆی و دەسەلمێنێت. (کوتەیب - booklet) لەنێوان (کتێبۆک، کتێبۆکە، کتێبۆلکە) لە کۆتاییدا (کتێبۆکە)م بۆ (بیلیۆگرافیا، موعجەم، فەرهەنگ)ی نووسەران و کتێب هەڵبژاردووە) لەپۆلێنی جۆرەکانی کتێبی پوختەی ناوی نووسەران و بەرهەمەکانیان بەچاکترین زانیوە.

لە هەڤپەڤینەکەشدا مەبەستم هەر (کتێبۆکە)یە نەک کتێبۆلکە و ئەوانی تریش لەکاتی پۆلێنی جۆرەکاندا هەریەکەیان بۆ مەبەستی شیاوترین هەڵدەبژێردرێن. (داوای بەخشین دەکەم) کە(کتێبۆلکە)م وەک پێشنیاز گوتبێت و بابەناخۆشیش لێک نەدرێتەوە. من هەرگیز ناتوانم و بەزۆریش لەمن ناوەشێتەوە ناشایستەیی بەرانبەر ئەو مامۆستایەو هیچ خاوەن وشەیەکی پیرۆز بڵێم، یان بکەم.

## ئەگەری سەرنجێکی ڕوونکەرەوە

ئەو لێکۆڵینە پیاهەڵدانەی (کاروانی) کە نووسراوە، هەر بۆ خۆشیش دەڵێم پێش چاپکردن ئەگەر حەمەساڵح سەعیدیش تێبینییەکانی یەکەم جاری مامۆستا مستەفا ساڵح کەریمی وەرگرتبێت، بەوجۆرە چاکسازی و ڕاستکردنەوەیەی لە نۆڤلێتەکەدا کردبێت، کەواتە ئەو لێکۆڵینە پیادا هەڵدانەی مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی لەسەر (کاروانی) بڵاوی کردووەتەوە، هاوڕێکەی هەردووکمان مامۆستا مستەفا ساڵح کەریمیش دەگرێتەوە! خۆ ئەگەر واش نەبێت ئەوە هەر حەمەساڵحی (قایل و دەنگنەکەرە) دەگرێتەوە. لەگەڵ ڕێز و سوپاسم بۆ هەمووان.ئەوەش دەڵێمەوە کە ئەگەر (من بمویستایە) وەڵامێک بۆ ئەو نووسینە بدەمەوە، لەکاتی خۆیدا چەند ورتەیەکم لێوەدەهات و ڕێزیشم بۆ هەمووان و (ئەو مامۆستایە ئەو (هەڵسەنگاندن، ڕەخنە، لەسەرنووسین و بەدواداچوونانە) کردووەتەوە. ئەوەم بەچاک نەزانیوە.

١- ئەوەی بەمەبەستی (ناهەمواربن من بەڵگەی سەلمێنم لەلا هەیە.).

٢- شیکردنەوەی ناوەڕۆک، مەبەستە تایبەتەکان و بنەما بیرمەندییەکان، نەوەیان وەڵامیان ئاسانە.

٣- ڕوونکردنەوەی جیایی بیروبۆچوون، یان بەمەبەستی پتر چەسپاندنی ڕاستییەکان، لەیەک فێربوون

و بژاری چەوتی و هەڵەکان، پاڵنەر هەرچییەک بێت، ئەوەی گوتراوە تێپەڕیوە. خوێنەر سەربەستە چۆن بیردەکاتەوەو چی دەڵێت، ڕاستتر ئەوەیە قووڵ بیربکەینەوە، هێوربین و خۆمان شپرزە نەکەین. هەر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییانە، ئەوەتە دەقی ئەو پیادا هەڵدراوەی، واتە پاش (٦٠) ساڵ نووسینی من و دوای (٣٩) ساڵ لێرەدا (بەبێ یەک وشە دەستکاری) بڵاودەکەمەوە. (لەگەڵ بەخشیندا بۆ هەمووان، چونکە لەوانەیە ئێستا بیروبۆچوون بەلای خراپتر، یان گۆڕینێکی هێوری جۆری و تایبەتیدا هاتبێت.)

هەمووان هەر سەربەستن، منیش بڕیار بگۆڕم سەرکەوتن و هێوری هەمووان دەخوازم.

## وردە ڕوونکردنەوەی تری پێویست بۆ بەدواداچوونەکان

من لە باوەڕداری و بڕیاری ئاشکرای خۆمەوە ئەوەی بەڕاستی بزانم لە پێشدا بەرانبەر بە خۆم بەوپەڕی ئارامی و خۆشییەوە وەریدەگرم و پەیڕەوی ڕاستی دەکەم. ئەوە فەلسەفەیەکی پڕشنگدارە کە دەڵێت:

((ئەوەی کار نەکات، هەڵە ناکات.)) هەڵەی کەسە خۆبەخشەکان، بێ گومان هیچ مەبەست و نیازێکی خراپی تێدا نابێت، چونکە ئەوانە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ناڕەتێن. ئێستا منیش (بەناچاری و هەر بۆ دەرخستنی ڕەوایی ڕاستییەکان) ئەمانە ڕوون دەکەمەوە:

زۆر سوپاسی کاکە مستەفای هاوڕێم دەکەم کە بەپەرۆشەوە پێشنیازی ئەوەم بۆ دەکات بابەتە ژیانی و ژیارییەکانی مەڵکەندی پتر بایەخ پێ بدەم. من خۆم لەگەڵ نووسینەوەی تەواوی بیرەوەرییەکانمدا، ئەوەش لە بەرنامەمدایە (ئەگەر دروستیم ڕێم بدات) پڕ هیوام بەشانازییەوە وەک ئەرکی پیرۆز ئەنجامی بدەم.

لێرەدا هەندێک وردەتێبینی زۆر کورت ڕوون دەکەمەوە، بەرانبەر بەو بابەتانەی پێویستیان بەئاشکراکردنی تری پێویست لەسەر ئەو زانیارییانەی لە هەردوو ژمارەی (٢٣٢ و ٢٣٣)ی ئەم گۆڤارە سەرکەوتووەدا بڵاوکرایەوە، هەڵە لە منەوە بووبێت، یان لە کەسێکی ترەوە، من چاکیان دەکەمەوە.

## ((هەر ئەقڵە لە خەسارێک هەر ئەقڵە لە ئەقڵدارێک!))

ئێستا ئەوەی تێپەڕیوە.. ڕۆیشتووە، بەڵام شایستەیی و ئازایەتی ئەوەیە بەبێ شاردنەوە و پێچوپەنا هەر هەڵەو کەموکوڕییەکی (ئاسا هاتوو، ئاراستەیان بەبێ مەبەست کە هەمانبێت) سەربەستانە چاکیان بکەین و بتوانین کارێکی چاکتر بکەین، بێ گومان هەڵبەستراوە و ناڕەواییەکانیش لەبەردەمی نیازپاکییەکاندا زوو بێت، یان درەنگ هەردەبێت (بەرانبەریی) بتوێنرێتەوە.

## ڕوونکردنەوەی وردە تێبینی ژمارە (٣٣٢):

لەلاپەڕە (٥٤)دا کەسوکار ناوی قوتابخانەی یەکەمی (ئەوەڵی) مەڵکەندییان نەنابوو (مەکتەبی پەڕۆ)، بەڵکو قوتابییە گەورەکان ئەوسا فێربووبوون بۆ یاریکردن تۆپیان لە پەڕۆ دروست دەکرد و لە گۆڕەپانی بەرانبەر یارییان پێ دەکرد.

لەبەر ئەوەی پۆلی پێنج و شەشەمی سەرەتاییمان نەبوو، بەفەرمی تیپی فتبۆڵێنمان تێدا دانەمەزرابوو. قوتابییە گەورەکان نازناوی (مەکتەبی پەڕۆ)یان داهێناو بڵاوبووەوە. خانووی قوتابخانەش هی (ئەفسەری ناودار بەهجەتی عەونی) بوو، بەکرێ دابووی بە پەروەردە کە ئەوسا ژوور ژوور بوو وەک خانێکی گەورە، کە چۆڵیش کرا ماوەیەک کرا بە خان بۆ (قەتارچی و کاروانچییەکانی شارباژێر کە لە گوێژە و بەرزنجەوە، دار و خەڵووز، میوە و شتیان دەهێنایە ناو شار، ئەم پێناسەیە بۆ قوتابییەکان خۆشییەکی لە نێواندا دروست دەکرد).

## من لاسایی تۆم کردەوە!

لاپەڕە (٥٤) لای چەپ:

پێش هەموو شتێک لە پاش و پێشخستنی دەرکردنی (چیا و گزنگ) و (گۆڤاری بلێسە) پرسیارەکە وەها کرابوو. ئەگینا ڕاستە سەرەتای دەرکردنی گۆڤاری (بلێسە) پێش دوورخستنەوەو گرتنمان لە عەمارە، بەڵام (چیا و گزنگ) لەدوای هاتنەوەی گشت کوردە دوورخراوەکان بە بڕیاری لێبووردنی (ڕووداوەکانی باکووری ئێراق) لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٦دا کە هاتینەوە سلێمانی، خۆم داوای قوتابخانەی (پیرە مەگروونم کرد کە دوایی کرا بە (مەنار) و کراش بە - مەولانا خالید)

یەکـەم ژمـارەی بڵـێـسـە مـانگی (٨)ی ١٩٥٩ دەرمانکرد. مانگانە بە هەشتا لاپەڕە نرخی سەد فلس و سـاڵانەی یەک دیناری ئەو سـەردەمـە/ چاپخـانەی (ژین) چاپی دەکرد.

من پێش دوورخستنەوە هەر لە (پیرەمەگروون) بووم، ئەوساش مـامـۆسـتـا شـێخ کـەریم باراوی هاوڕێم کـە یەکـێک بوو لەپێـشکەوتنخـوازەکـان و لە گـۆڤـاری بڵـێـسـەشـدا نووسـینم بۆ بڵاوکـردبووەوە. کـە دەسـتم کـردەوە بەکـار، یەکـسـەر کـردمی بەیاریدەدەری خـۆی بەبێ ئەوەی داوابکەم. من لەو سـەردەمـەدا گـۆڤـاری (ڕابەر – مـورشـیـد)ی قـوتابخـانەی شێخ مـەحـموودم بۆ یەکەم جار بینی کە تۆ (مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم) ئەو داهێنانەت گـوێزاوەتەوە، من دەڵێم لاسـایی تۆم کــردەوە بە شــێـخ کــەریمی هاوڕێـمم گــوت (نەک بەڕێوەبەرم) زۆری پێ خۆشبوو (ئێستا مامۆستا مەجید مـاوە) هەمـوو ئەرکی ئامـادەکـردن و چاپکردنیم گـرتە ئەسـتـۆ (لیـژنەش دیارە هەر هەبووە.) من شـێـوازێکی نوێم بۆ بەشداریکردنی چەند قـوتابیـیـەکم بەکـار هێنا، بەتـایبـەتی ئاراسـتـەم کـردن کـە بەناوی خـۆیانەوە نووسـینیـان هەبێت. چەند سـاڵ پێش گـەڕانەوەی من و لەپاش بوونـی من بە بەڕێوەبەری قـــوتابخـــانەی (مـەولەوی) کە هەردوو گۆڤاری (چیا و گزنگ)مـان دەرکـرد، ئەی گـوایە بۆچی لەوەپێش و لەوە دوا ئیـتـر (لاپەڕەیەکـیـشـیـان چاپ نەکـردەوە.)، هەروەها (ڕابەر)ـەکـــەی تۆش کـــەس نەیتـــوانی دەری بکاتەوە.لیـژنەی دەرچووانی یەک ژمـارەی تۆ و دوو ژمـارەی دوو سـاڵی من (چیـا و گـزنگ) و گـشت قـوتابخـانەکـان (ئەی هاوڕێکەم) (بەرانبـەر لە نرخ کـەمکردنەوەی هەندێک) چیـیـان لێـهـات و بۆچی هیـچیـان دیار نەبوو. من لە عـەمارەش بڵاوکـراوەیەکی ساکاری سەردیوارم بەئینگلیزی ئاستی خۆیان نارد بۆ ســەرپەرشــتــیــاری پەروەردە و بەڕێز ناردیان بۆ دە قـوتابخـانەو بۆ یادگـار هەڵمگرتووە. دیارە منیش کـە چوومـە قـوتابخـانەی (مـەولەوی) گـەلێک ئەرکی پێویست و پڕ بایەخ هەبوو کە پراوپڕ خۆمی بۆ تەرخان بکەم (گەواهیم نووسینی فـەرمی تایبـەتە.) مـەولەوی پێویستی بەهەڵساندنەوەیەکی گەورەو ڕاستەوخۆ هەبوو کـە چەند مـامـۆسـتـایەک ئامـادەبوون و ڕاپۆرتی سـەرپەرشـتـیش، کـەچی من دەڵێم (لاسـایی تۆم کـردەوە!).. (ئەوە بەرگریی نیـیـە لەخـۆم) ئەو هەڵانە ڕوویانداوە دوو هۆکـاریان بۆ هەیە و لەپێـشـیـانەوە با خۆم بم، بەڵام پرساو گوێزەرەوەی دەنگ و چاپکردنیش هاوبەشن لەو بابەتەدا. بۆ نموونە تەنیا چەند پەیڤێکی کـەم ئامــاژە پێـدەکـەم: کــە هاوڕێ بەڕێزەکـەم وروژاندوونی و من هەرگــیــز ناڵێم: (بارگین، پێپیلیکان - ل٤٠ -، بماندەیە - ل٥١ - پێشنیاری -- ٥١٥ سێ جار، بەرانبەر ل٦١ -... تاد).

**هەروەها هەڵەی زەقی وەک:**

ل٥٤ ناوی د. سدیق ئەترووشیم بردووە، دوای ئەوە بە چوار دێڕ هەر لەو دەدوێم (گوتوومە، یان کراوە) بە:

(د. ســە فــاء حــافــیــز!) – ئەوەی دوایی هەڵەیە.لەوەپێش ل٤٥ لە (د. ئیبراهیم قادر محەمەد) دواوم کـە مـاجسـتـێـری لەسـەر ڕۆمـانی (ئاشتی کـوردسـتـان)ـەکـەم و چەند ڕۆمـانێکی تر وەرگـرتووە، لەبری ناوی ئەو(ڕەشیدی قازی) – کە من نەمگوتووە، نووسراوە! من نازانم ئەم ناوە لەکوێوە هاتووە؟! چونکە ئەو ناوە هەرگیز لەبیری مندا نەبووە.

من خۆم گەلێک نیگەرانم بەرانبەر بەوانەو بێ گومان هەر هەڵە و کـەمـیـیـەکی تێـدابووە لەچاپکردنیـدا بەکـتێـبێک ئەرکی خـۆمە گـشتیـان ڕاست دەکەمەوە، هەروەها بواری پەیڤ و ڕێنووسیش.(کە هی من نین).

**بارگین و بارگیر**

مامۆستا مستەفا نووسیویەتی:

(بارگین هەڵەیە ڕاستەکەی (بارگیرە))!

نانا، هاوڕێکەم، (بارگین) یش هەڵە نییـەو ڕاسـتـە! لەلاپەڕە (٥٥) هـاوڕێکـەم ئەوەی ســــەرەوەی وەک هەڵەیەک لەسەر من تۆمارکردووە، خۆزگە ئاوا پەلەی نەکردایە!

١– منیش خۆم لەتۆمارەکەدا (بارگیر)م بەکارهێناوە، نەک (بارگین). بابزانێت مامۆستا ئازاد عبدولواحیدی سەرنووسـەری ڕامـانیش (خـۆم لێم بیسـتـووە) بارگین بەکــاردەهێنێت!ئەم جــۆرە گـــۆڕینە لەهەندێک پەیڤـینیـشـدا... ڕوویداوە.ئەوە هەر کـوردییـەو جیـایی زارە ناوچەییە زمانییەکانە، نەک هەڵە!

٢- هاوڕێی بەڕێز، تۆخـــــۆت دەزانیت چەندان بەکارهێنانی جیای زمانیی لەنێوان زارە ناوچەییەکانی زمانی کوردیدا هەیە (کرمانجیی ژوورو - ناوەڕاست و کرمانجیی خواروو. (وردەزارەکانی تریشی) کە سامانێکی گەورەن بۆ سوودلێوەرگرتن لەپرۆژەی (زمانی یەکگرتووی کوردیماندا) ئەو جۆربەجۆرییە سەرچاوەیەکی بەپیتە بۆ زمانەکەمان.

٣- لەفەرهەنگەکانیشدا بۆ بارگیر بەم جۆرەیە:

(بارگیلی:بارگیر: بارگین. بارگیل.)ـە بەکوردی.

بارگیر بەفارسی: (بابو)ـە.

کەواتە جۆراوجۆر وشەمان بۆ واتای (بارگیر) هەیە.(لەئاخاوتنی زاریدا) کارێکی ئاساییە نەک هەڵە.

## (ئەزمر و ئەزمەڕ)

من زۆر سوپاسی هاوڕێم مامۆستا مستەفا دەکەم کە لە زمانزانیم دەدوێت و دەڵێت هەرگیز نەدەبوو بنووسێت (ئەزمەڕ) بەداخەوە زۆرێک لەو (ئەزمەڕ، بارگین، تێکەڵە)ی لەم پەیڤینەدا ڕووی داوە جۆری گوێزانەوە دەنگییەکانە بەشێوازێکی جیای تایبەت. گەلێک چاکتر دەبوو کە ڕاستەوخۆ پرسیارەکان بەنووسین وەڵام بدەمەوە، چونکە بیر هاتنەوەکانیش بۆ من ڕاستترن. وردتر و فراوانتریش وەڵامم دەدایەوە. ئایا مامۆستا خۆی نازانێت ئێمەی سلێمانی هەر دەڵێین (ئەزمڕ).

## قوتابخانەی خالیدییە

١- من لەلاپەڕە(٤٩)ی ڕامـــانـدا گوتوومە:(قوتابخانەی خالیدییە) (لەخانووی ماڵی خێزانی ئەحمەد ساڵح قاسم بووە.

٢- باوکی ئاغا و ئەم دکتۆر بەرهەم ئەحمەد و ئەوانە.) هاوڕێکەم ئەمەی کردووە بەگرفتێک و دەڵێت!

٣- (نەک ئاغای کوڕی بچووکی حاجی ساڵحی قاسم بکرێ بە کوڕی حاکم ئەحمەد کە برایەتی)!

٤- من وشەی (کوڕی)م بەکار نەهێناوە. هەڵەکەی من دووبارەی دوایی ناوی بەڕێز (دکتۆر بەرهەم ئەحمەد و ئەوانە) چونکە وەک (خێزان) لێیان دواوم و (حاجی)شم بۆ بەڕێزی خودا لێخۆشبوو (حاجی ساڵح قاسم) بیرچووە، داوای بەخشین دەکەم.

## ئەو شەوەی بوو بە شەوەکەی یەڵدا
## حەمەساڵح (بوو بە) فەرەیدوون!

(١)

هەمـــوو کـەسـێک شـتی لێ تێک دەچێت، یان لەبیردەچێت. ئەم جارەش هاوڕێم مامۆستا مستەفا ساڵح کەریمی گرتەوە، چونکە ئەو کاتەی (ڕێباز و هەڵوێستم) خوێندەوە کە ئەنجامی ئەرک و ماندووبوونێکی دیار و ئاشکرای پێوە دیارە لەسەر کاروانی خەباتی نووسەران و کاری یەکێتیی نووسەرانی کورد. پیرۆزبایی لەهاوڕێکەم مامۆستا مستەفا دەکەم. بەو ناوونیشانەی لاپەڕە (٣١) و خوێندنەوەی سێ دێڕی یەکەم، یەکسەر هەستم بە دڵخۆشییەکی گەورەکردو دوای ساردبوونەوەیەکی ناخۆش و سەرسام، چونکە ئەو ڕووداوە منیان لەگەڵدابووم، نەک هاوڕێمان (فەرەیدوون عەلی ئەمین) کە کاکە مستەفا لێی تێکچووە، هەروەها هاوڕێیانی دێرین (مامۆستا ئەحمەد هەردی، دکتۆر ئیحسان فوئاد) کە لەگەڵ هاوڕێی دێرینمان مامۆستا ع. ع شەونم بەتەمەندرێژیی و برا گەورەیی هەر پێشەنگی پڕ بڕوایی و کارە جوانەکان بێت، لەبیرێتی و کە پێشنیازێک کرا و لە ئۆتۆمبێلەکەی، خۆشەویستمان دکتۆر کاوس قەفتان و من، بچین بەلایەکدا (دوو نووسەری مێینەشمان لەگەڵدابێت) من خەمم لێهات، گوتم شەو لەکوێ بیانحەوێنینەوە؟!) ئەمەم لێ کرا بەبەزم و هەتا ماوەیەکی دوورودرێژ لەبەینماندا بووبوو بەگاڵتەیەکی خۆش و ئێستاش جاروبار هەردوو هاوڕێ بەڕێزەکانم دەیڵێینەوە.

## نووسراوێکی م.مستەفا

من هەر لەو باوەڕدارییە دڵسۆزانەیەوە، نووسینێکی جوان و بەنرخی کاکە مستەفای هاوڕێم بڵاودەکەمەوە (کە لەوانەیە لای خۆی نەمابێت و لەناو کتێبە بەنرخەکەیدا نەمدی) ناوەرۆکی نووسینەکەی (جوان، شایستەی ڕێزگرتنی، هاندەر بۆ یەکڕیزیی و بەرژەوەندی نووسەران، پەروەردەو ڕێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان کاتی خۆی بۆی ناردووم، کە ئەوە دەقەکەیەتی:

باوەڕناکەم هەردوو هاوڕێ بەڕێزەکەم مامۆستایان شەونم و کاکە مستەفا ئەوەشیان بیرچووبێتەوە کە لەگەڵ مندا بەمۆسکۆفیجە سپییەکەم بردمن بۆ هەولێر و



به ناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان

کـــــۆماری عیـــــــراق

یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی عیراق

لقی سلێمانی

ژمارە : ٨

ڕۆژ : ١٩٧١/١٢/٢٧ بەڕێز مامۆستا . محمد صالح سعید . . . . .

ئەوەی ئاشکرایە لای هەموان کە پێشخستنی زمان وئەدەبی کوردی لەم قۆناخەی ئێستای میللەتەکەمانا گەورەترین ئەرکی پیرۆزی سەرشانی نووسەران وڕۆشنبیرانی نەتەوەکەمانە ئەوەش ئەزانین کە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەمان (دەنگی مامۆستا) کە پێشتر ماوەیەک پێشکەشتان کرا نۆبەرەی بەرهەمی – یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی عیراق (لقی سلێمانی) – و بەتێکڕایی ئامانجمان لەم گۆڤارە بەرزکردنەوەی پایەی زانیاری مامۆستایانە بەتایبەتی لە ڕووی ئەدەبییەوە و جگە لە ڕووی پەروەردەیی و جاوەکو پێشینان وتوویانە (چە پلە بەدەستێ لێ نادرێ) لەسەر ئەو ڕێ و شوێنە ڕووی دەمان ئەکەینە ئێوەی بەڕێز کە (گۆڤارەکەمان) هی خۆتانە وە بەرزکردنەوەی پایەی ئەو گۆڤارە ئەکەوێتە ئەستۆی ئێوەی ڕۆشنبیری کورد و تکامان وایە بۆ ژمارە دوو و هەموو ژمارەکانی تری بەرودوا بۆمان بنێرن لە بەرهەمی بەکەڵکتان (شیعر و چیرۆک و وتار و بەخشان و وتاری پەروەردەیی و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە . . . . . . . . . تا . . . . . د . )

ئیتر چاوەڕوانی یارمەتی دڵسـۆزانەتانین .

مصطفی صالح کریم

لێپرسراوی دەستەی نووسەرانی

گۆڤاری (دەنگی مامۆستـــا)

عەلی قەرەکەبی ١٩٧١/٣/٢٣

هێناشمەوە (لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد هەردی نەمر – یادی بەخـێر) کـە لەڕێگا لەسنووری هەولێـردا تایەیەکی ئۆتۆمبـێلەکـەم تەقی و لە هەولێر (بەهەولی تایبـەتی جـوتێک)م بۆ پەیداکـراو بەوپەڕی خـۆشی و ڕێزداری دڵسـۆزانەو کـارسـازی و باوەڕداریمانەوە بیـرەوەریی شانازمان لای یەکتری بۆ بەرژەوەندی نەتەوەییمان بەجێ هێشتووە!

## هەر لەڕووی بێلایەنییەوە

هاوڕێمان بەڕێز مامۆستا (ع.ع.شەونم) لە دێڕی (٩) لە خـوارەوەی لاپەڕە (٦٤)ی ژمـارە (٢٣٣)دا دەڵێت: (من کتێبـەکەم بۆتان خوێندەوە، وەک مامۆستا مستەفا صالح کـەریم وتی (لیـژنەی پیاچوونەوە یەک وشـەی لە کتێبەکە زیاد و کەم نەکرد)!. ئایا لە کوێ گوتی، بە کێی گوت؟!

باشـە ئەم گـوتنە کـە بەرانبـەر هاوڕێـمان مـامـۆسـتـا مستەفا دەکات (ڕاستە، یان وانییە؟!) بەتایبەتی کە ئەندامی لیـژنەی پێـداچوونەوەو هەڵسـەنگاندن بووە. ڕاسـتـەوخـۆش ئاگـاداری کـارەکـەیە، (دوایی) لە سێ ژمارەی هەڤـپـەیڤینەکەی خۆیدا بۆچی تەنیا بە (یەک وشەی تێبـینی نەیگوت من ئەوەم گـوتووە، چونکە ئەوە دەرخەری یەکلاکەرەوەیە! من و مامۆستا عەبدوڵڵا میدیا

و هاوڕێم مـامـۆسـتـا مـسـتـەفـا و م.عـومـەر عـارف کـە ئەندامـبـووین لەبیـرمـە وتووێژی هەتا ڕادەیەک گەرموگوڕیش (لە نێوان هەردوو هاوڕێماندا م.شەونم و م.میدیادا ڕووی دا. کتێبی (سەرنجێک لە دەروازەی فـۆلکلۆری کـوردەوە) بێـجگە لە کـار و ئەرکی ئەندامـەکانی لیـژنەکـە (کەم یان زۆر) کاریگەریی ئەم مـامـۆسـتـا بەڕێزانەشی- وەک پرسی ڕاوێژکـاری بەسەرەوەیە:

– ل(٥) – ڕوشـدی سـاڵح- فنوون شـەعـبـیـیـە- سەرچاوەی پێشەکی کتێبەکە.

– ل(١٥) – ڕێزمانی کوردی- تۆفیق وەهبی.

– ل(٢٢) – لەحـەیرانەکـانی- ڕەسـووڵ گـەردی، ژمارە (١)ی ١٩٥٨ گۆڤاری شەفەق.

– ل(٣٨) – نووسـینەوەی ئاوازەکـان- هونەرمـەند قادر دیلان.

– ل(١٠٣) – مـووتابچـێـتـیی- م.ئیـبـراهیم سەرکیس- سوودی زۆری بۆ گەیاندووە.

– ل(١١٤) – بورجەکانی ساڵ- ئەم بابەتە لە زاری حەمەی سلێـمـان- مەلا قادر و پوورە ڕەعنا و مـەلا عەزیزی مەڵکەندی) من وەرمگرتووە و بەو جۆرە یەکم ختسووە.

– ئەوە بێجگە لە کاری لیژنەکە و هەوڵی (فرە – مامناوەند، یان کەمی هەریەکەیانی)!

## بەڵگەیەکی سەلمێن

تکایە با ئەم بەڵگە مـێـژوویـیـە لەسـەر (دانان و هاوکاری) من ڕوونی دەکاتەوە هەر لەو کاتەوەی داوام لێ کرا لە چالاکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستاندا و لە گۆڤاری (دەنگی مامۆستا)شدا بابەتێک و جاری وەهاش هەبووە دوو بابەتم تێدا بڵاوکـردووەتەوە. هەر بۆ نموونە: (لە سێ ژمـارەی سـاڵی (٢، ٣)دا شـەش بابەتم تێدا نووسیبوو (سیانیان بەشی زمان) و ئەوانی تر سـامـانی نەتەوەیین. دەبێت ئەوەش بڵـێم کـە من بەهۆی ئەوەی پابەندی لیستی پیشـەیی بووم، نەبووم بە ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، بەڵام وەک ئەندامێکی کارا هاوکار بووم. زانیاری تریش هەیە:



بسم الله الرحمن الرحيم

اتحاد معلمي كردستان العراق
فرع السليمانية

العدد – ١٢
التاريخ – ١٩٧٢/٣/١٣.

الى/
مكتب سكرتارية اتحاد معلمي كردستان العراق

الموضوع – تشكيل لجان

الحاقا بكتابنا المرقم ٣ والمؤرخ في ١٩٧٢/٢/٢٧.

قررت الهيئة الادارية لاتحاد معلمي كردستان العراق / فرع السليمانية
في جلستها الرابعة المنعقدة بتاريخ ١٩٧٢/٣/٦ تشكيل اللجان التالية :

آ – لجنة النشر والاعلام ومجلة ( دەنگی ماموستا ) :

| | |
|---|---|
| ١ – محمد نوري توفيق | رئيسا |
| ٢ – محمود ملا عزت | عضوا |
| ٣ – رؤوف محمد زهدي | = |
| ٤ – مصطفى صالح كريم | = |
| ٥ – رؤوف بيگەرد | = |
| ٦ – محمد صالح سعيد | = |
| ٧ – عبدالله ئاگرين | = |
| ٨ – فريق حسن | = |
| ٩ – ساجد ئاوارە | = |

ب – لجنة العمل الفدائي الفلسطيني :

| | |
|---|---|
| ١ – ئازاد حمدي قادر | رئيسا |
| ٢ – ابوبكر حسين | عضوا |
| ٣ – خالد حسين | = |

الدكتور محمد محمد نوري عارف
الرئيس

نسخة منه الى : –
محافظة السليمانية/ الجمعيات
نقابة المعلمين – المركز العام
رئاسة جامعة السليمانية
مديرية تربية محافظة السليمانية
ادارات المدارس في المحافظة كافة

ع/١/١٣/

**هیواخوازی ئاسوودەیی هەموانم.**

**کۆتای سەرنجەکان:**

(تکایە با بزانرێت خەبات و بەرخودانی هەرکەسێکمان تەواوکەری ئەوانی ترمانە)

١- بەڵگەکان هەموویان تایبەتن بە هەڵگیراوەکانی خۆم.

٢- لە بیرەوەرییەکانمدا وێنە و بەڵگەی تری پێویست پێشکەش دەکەم- لەگەڵ ڕێزمدا، بە داوای بەخشینەوە.

(١) کاروانی، بەغداد، ١٩٧٥، چاپخانەی سلمان الاعظمي.

(٢) سەرچاوەی پێشوو (ل ٢٤).

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ( ل٣٧).